


# مۆبایلە سمارتەکان دەبنە کامێرای پیشەیی

مۆبایلە هۆشمەند و سـمارتەکان هەرچەندە کامێرای زۆر پێشکەوتوویان هەیە و کوالیتیان بەرزە بەڵام بۆ کامێرای پیشەیی واتە بۆ ئەوەی کە کەسێك ئەرکی کامێراوانی بێت ناگونجێت، چونکە کامێراوان دەبێت کامێرایەکی تایبەتی پێ بێت بۆ ئەوەی کە وێنە دوورەکانیش کوالیتیان بەرز بێت، کۆمپانیای کۆداك کە تەمەنی زیاتر لە نیو سـەدەیە لە پیشـەی بەرهەم هێنانی کامێرادا، بەمدواییە کۆمپانیای کۆداك عەدەسـەیەکی تایبەت واتـە (lens) بەرهەم هێناوە کە هەم خۆی کامێرایە و هەم دەبێتە لێنزی کامێرا بۆ مۆبایلە هۆشـمەندەکان. دیارە پێشووتر کۆمپانیای سـۆنی عەدەسەیەکی لەمجۆرەی بەرهەم هێنابوو. لێنزی وایەرلەیسی KODAK pixpro SL10 و هەروەها جۆری دووهەمی کە بە SL25 ناسراوە دەتوانن دیمەنەکان هەتا 10 جار گەورەتر یان 25 گەورەتر بکەن. ئەم عەدەسـانە بەبێ مۆبایلیش دەتوانن وێنە بگرن و لە خۆیدا خەزنی بکەن. عەدەسـەکە بەشـێوەی وای-فای و وایەرلەیس بە مۆبایل پەیوەند دەدرێت و وێنەی ڤیدیۆییش بە کوالیتی فول ئیچ دی دەگرێت.




# گەسکێکی کارەبایی دیجیتالیی پێشکەوتوو

هەرچەنـدە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا کاری پاك کردنەوە و خاوێن کردنەوەی ژوور و ماڵەوە بە خانمان سپێردراوە و ئەوان ئەو ئەرکە ئەنجام دەدەن، بەڵام بە داهێنانی گەسکی کارەبایی هۆشمەندی HOM-BOT SQUARE ئیدی ئەو ئەرکە لە دەسـت ئەوانیشـدا نامێنێ، چونکە گەسـکەکە هۆشمەندە و بەبێ ئەوەی کە خۆت لەگەڵی ماندوو بکەی تەنیا لە رێگای مۆبایلەوە یان بە دەنگی خۆت فەرمانی پێدەکەی ئیدی ماڵەکەت کورد گوتەنی وەك گوڵ لێدەکات. ئەم گەسکە هۆشمەندە لە پیشانگای ساڵانەی CES2014دا نیشان درا، کە خەڵاتی گەورەی ئامێری دیجیتالی ماڵەوەی وەرگرت. ئەم گەسکە کارەباییە، رێکەوتی خاوێنکردنەوە، شوێنی خاوێنکراوەکان نیشان دەدات. ئەو هەسـتەوەرانەی کە لەگەسـکەکەدا هەن ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەر دەڕەخسێنێ کە شوێنی وردی خاوێن کردنەوەکە نیشـان دەدات و هەروەها کامێرایەکی تێدایە کە وێنەی سـەرەوەو خوارەوەی ژوورەوە دەگرێت و نەخشەیەك لە ماڵەوە لەخۆیدا خەزن دەکات. سەبەتەی زبڵی گەسکەکە بە ئاسانی جیا دەکرێتەوە. هەروەها تۆز و خۆڵ لە هەوا جیا دەکاتەوە و بۆنی ناخۆشی ماڵەوە لادەبات، دەنگەکەی ئەوەندە کەمە کە تەنانەت کێشـە بۆ ئەو کەسانە دروست ناکات کە سـەیری فیلم دەکەن یان وەڵامی پەیوەندیی تەلەفۆنی دەدەنەوە. چونکە بچووکەو دەچێتە ژێر قەرەوێڵە و سیسـەم و مۆبڵەکانیشـەوە. جگە لەکۆنترۆڵی خۆی، دەکرێت بە مۆبایلیش کۆنترۆڵ بکرێت.



# داتاشۆیەکانیش بەرەو سیستەمی ئەندرۆید چوون

سیســـتەمی ئەندرۆید هەر مۆبایل و تەبلێتی نەگرتۆتەوە، بەڵکو بەهۆی ئەوە کە سیســـتەمەکە ســـووکە و سیستەمێکی کراوەیە و بەکارهێنانی ئاسانە ئێستا لاپتۆپ و کامێرای دیجیتالی و تەنانەت ئامێری دیکەشی گرتۆتـــەوە وەك ئەو ڤیدیـــۆ پرۆژکتەرەکەی کە وێنەکەی لێرە دەبینن. ڤیدیۆ پرۆژکتـــەر یان بەواتایەکی دیکە (داتاشـــۆ)ی جۆری houtspot سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە کە بەرهەمی کۆمپانیای ZTEیە. کوالیتی و نیشـــاندانی ڤیدیۆ پرۆژکتەرەکە 1080 پیکسلە لەگەڵ بوونی پۆرتی HDMI و پشتیوانی کردن لە سیستەمی wi-fi. هەروەها دەکرێت بە ئاســـانی مۆبایل و تەبلێتی پێوە پەیوەند بدرێت و لە شاشـــەیەکی مەزندا شاشـــەی مۆبایلەکـــەت ببینی. خودی داتاشـــۆیەکەش بەبێ گرفت بەهێڵی ئینتەرنێـــت پەیوەند دەدرێت و دەکرێت هەر لە داتاشۆیەکەوە ڤیدیۆکانی یۆتیۆب یان فەیسبووکەت لەسەر شاشەی سینەمای ماڵەوە ببینی.

# کۆنترۆڵێکی جۆکەر بۆ گشت ئامێرەکان




لە ماڵەوەدا بۆ هەر ئامێرێك کۆنترۆڵێکی تایبەتیت هەیە؟ بۆ ســـپلیت و تەلەڤزیۆن و سەتەلایت و ...تاد بۆ هەر کام کۆنترۆڵێکی تایبەت بەکار دێنی؟ لەمەولا یەك کۆنترۆڵ بۆ گشـــت ئامێرەکان بەکار بێنە. ئەویش چ بەکارهێنانێك؟ هاتویەتە سەر کار و لەبیرت چووە ســـپیلتەکەت بکوژێنیەوە، یان هەر لە شـــوێنی کارت دەتـــەوێ تەلەڤزیۆنی ماڵەوە هەڵبکەی و بکوژێنیەوە، بەهۆی کۆنترۆڵێکی جۆکەر گشت ئەرکەکان ئەنجام دەدرێن، تەنانە ئەگەر مەوداکەش گەلێك دوور بێت. بەڵام لەسەرەتادا دەبێت بۆ ئەوەی کە بتوانی لەو کۆنترۆڵە ســـوود وەربگری، دەبێ مانگانـــە 10 دۆلار بدەی بە کۆمپانیـــای بەرهەمهێنی کۆنترۆڵەکە چونکـــە ئەو لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە کۆنترۆڵی ئامێـــرەکان دەکات. ناوی کۆنترۆڵەکە IRIS Home Management Systemە. بۆ کۆنترۆڵکردنی سیســـتەمی ئەمنییەتی ماڵەوش ســـوودی لێوەردەگیردرێت، تەنیا خاڵی لاواز لە کۆنترۆڵەکەدا ئەوەیە کە دەبێت مانگانە حەقی بەشـــداربوون بدەی، ئەگینا لەوەی کە لە ڕێگای دوورەوە کۆنترۆڵی ئامێرەکان دەکەی گەلێك سوودمەندە.

# هیندستانیش هاتە ناو جیهانی دیجیتالی نوێوە



چەند ســـاڵێکە کۆمپانیا چینییەکان کە هەرچەند بەداخەوە لەم هەرێمەی ئێمەدا ناوبانگیان بەباشـــی نەڕۆیشـــتووە و لە ریزی بێ کوالیتی ترین بەرهەمەکان دابوونە، بەڵام هەرزان بایی بوونە نامۆ نین و ناســـراون، گەرچی لەم دواییەدا بە خســـتنەڕووی مۆبایلی و ئامێری جۆری هواوی (huawi) ویســـتوویەتی ئەو ناوبانگەی جارانی نەمێنێ، چونکە مۆبایلی ناوبراو لە ریزی باشـــترین مۆبایلە ژیرۆکەکانن. ئێمە کەمتر گوێمان لێبووە کە هیندستان خەریکی بەرهەم هێنانی مۆبایل و کۆمپیوتەر و ئامێری دیکەی هۆشمەند بێت، زیاتر هیندســـتان لەلای ئێمە بە فیلمەکانییەوە بەناوبانگە، بەڵام لەم دواییەدا کۆمپانیای هیندی LAVA نوێترین مۆبایلی ســـمارت و تەنکی خســـتەبازاڕەوە. مۆبایلە هۆشـــمەندەکە شاشەکەی 4.7 ئینده و لە جۆری HD IPS LCDیە. کامێراکەی 8 میگاپیکسلە جگە لەوەی کامێرایەکی 3 میگاپیکســـلی لە پێشـــەوە هەیە. دوو ســـیمکارت دەخوێنێتەوە. ناوبانگی مۆبایلەکە لەبەر کەڤەر و قەپێلکەکەیەتی، چونکە تەواو لە کانزای منیزیۆم چێکراوە. تەنکییەکەی 4.5 ملمە و کێشەکەی تەنیا 114 گرامە.

## شاشەی مۆبایلەکەت لەسەر




تەکنەلۆژیای HeadsUP کە زۆر لەمێژ نییە ئەم سیستەمە پەرەی سەندووە، خزمەتگوزارییەکی گرنگ لە ئۆتۆمبێلدا ئەنجام دەدات، ئەم سیستەمە وەك جامێکی شەفاف لەسەر شوشەی پێشەوەی ئۆتۆمبێل دادەنرێت، بەهۆیەوە مەودای ڕێگا، نزیکترین پەمپی بەنزین، شوێنە ترافیکەکان، ڕێژەی بەنزین...تاد لەسەر جامی ئۆتۆمبێلەکەت نیشان دەدرێت. لەم دواییەدا سیستەمی ناوبراو پەرەی سەندووەو دەتوانێت لە ڕێگای بلوتوس یان USB یەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند بدرێت و شاشەی مۆبایلەکەت لەسەر

## ئاسۆس شاکارێکی گرنگی دیجیتالی بەرهەم هێنا



کۆمپانیای (asus) بۆ ئەوانەی شارەزای بواری زانستی تەکنەلۆژیای نوێن، کۆمپانیایەکی نامۆ نییە، کۆمپانیای ناوبراو مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە لە بەرهەم هێنانی کۆمپیوتەردا، لەم دواییەدا کە بازاڕی ئامێری چەند ئامێری گەرمە، واتە ئەو ئامێرانە لەیەك کاتدا چەندین ئامێری پێکەوەن، (asus)یش هەوڵی داوە بازاڕەکە گەرمتر بکات و لە پێشانگای ساڵانەی CES ئەم ساڵدا نوێترین ئامێری بەناوی Transformer Book Duet بەرهەمهێنا کە لەیەك کاتدا هەم تەبلێتێکی ئەندرۆیدییە، هەم تەبلێتێکی ویندۆزییە و هەم لاپتۆپیشە!

ئەو بەرهەمە دیجیتالییە لە راستیدا لە شاشەیەك پێکهاتووە کە لە کیبۆردەکەی جیا دەکرێتەوە، کیبۆردەکەش هەموو پارچەکانی لاپتۆپێکی بەهێزی تێدایە وەك: بوونی پۆرتەکانی USB و هەروەها هاردێکی یەك ترابایتی لەگەڵ پرۆسیسەری جۆری Corei7ی نەوەی چوارەمی ئەنتەل، هەربۆیە دەکرێت بڵێین تەبلێت-لاپتۆپێکی بەهێزە. لەیەك کاتدا دوو سیستەمی ئەندرۆید و ویندۆزی لەسەرە بە داگرتنی دوگمەیەك دەتوانی بۆ هەرکام مەبەستت لێیەتی بچیت.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەریکی بەڕێز پرسیارێکی لەبارەی فەیسبووکەوە بۆ هاتۆتە پێش و دەپرسێت ئایا چۆن بزانم ئەو هاوڕێیانەی کە پێشتر ئادم کردبوون و لە لیستی هاوڕێیانمدا هەبوون بەچی بزانم کە منیان لەناو لیستی هاوڕێیانیاندا نەسڕیتەوە؟ بە کورتی ئەم خوێنەرە دەیهەوێ بزانێت ئایا کەسێك لە فەیسبووکەکەیدا سڕیتیەوە یان نا؟

بەڵێ خوێنەری بەڕێز پرۆگرامێکی زۆر بچووك هەیە کە بە Unfriedn notify ناسراوە و بەخۆڕایی دەتوانی دایبەزێنی و دەچێتە سەر شریتی فەیسووکەکەت واتە ئەو شوێنەی کە ئاماژە بەوە دەکات چ پەیامێکت بۆ هاتووە یان چ هاوڕێیەکت بۆچونی لەسەر شتەکانت نووسیوە، ئەوکات لەو شریتەدا لینکێك دەبێت بەناوی Lost Friends کە لەمەودوا ئاماژە بەوە دەکات چ کەسێك تۆی لەفەیسبووکەکەیدا سڕیوەتەوە.



# جامی ئۆتۆمبێلەکەت ببینە

جامی ئۆتۆمبێلەکەت نیشان بدرێت، دەکرێت، کورتە پەیامەکان، ئیمێلەکان، پەیوەندییەکان و سیستەمی GPS لەسەر شاشەی پێشەوە ببینی. ئەگەر ئەو کاتانەی ئەکتیڤ نییە وەك جامێکی روون دەبیندرێت.

ئامێرەکە پێکهاتووە لە شاشەیەکی 11 ئینجی OLED روون، بڵندگۆ و مایکرۆفۆن، تیشـکی سـەرووی سوور، سینسەری ژیروسـکۆپ لەگەڵ هـەردوو سیسـتەمی ئەندرۆید و ئەپڵ دەگونجێت.

# پرۆگرامێک ئەوەی دەیڵێی دەنووسێت

قسەکردن لەبری تایپ کردن گرنگییەکی زۆری هەیە و کارئاسانیی زۆر دەکات و چەندیـن گرفتیش کەم دەکاتەوە وەك هەڵەبڕی و خێرایی لە تایپ کردنـدا و کەمبوونەوەی ئازاری پەنجەکان لەکاتی تایپدا. بۆ نووسـین و تایپ کردن بە زمانی ئینگلیزی چەند پرۆگرامێك هەن، کە ئەرکیان ئەوەیە ئەوەی دەریدەبـڕن بکاتە دەق. پرۆگرامی DRAGON NATURALLY-SPEAKING دەکرێت بڵێین لە ریزی سـەرکەوتووترین ئەو پرۆگرامانەیە کـە پەیڤەکان دەکاتە دەق. پرۆگرامەکە پشـتیوانی لـە پرۆگرامی بە سوودی WORD دەکات و بە وتەی داهێنەرانی پرۆگرامەکە دەتوانرێت دەنگی بەکارهێنەر بە وردبینی 99% بکاتە دەق.




# سایتێک بۆ جوانکاری و دەستکاری وێنە



بۆ دەسـتکاری کردنی وێنە ئیدی هەمیشـە پێویست ناکات کە دەبێت پرۆگرامێکی تایبەت بە دەستکاری کردن و جوانکاری کردنی وێنە لەسەر کۆمپیوتەرەکەتان هەبێت، گەلێك سایت هەن کە ئەرکیان ئەوەیە وێنەکانی ئێوە دەستکاری بکەن و گۆڕانکاری تێدا پێکبێنن.

گرنگی ئەو سایتانە لەوەدایە کە هیچ پرۆگرامێك دانابەزێتە سەر کۆمپیوتەرەکەت و هاردی کۆمپیوتەرەکەت بە پرۆگرامەکانی پەیوەندیدار بە وێنە داگیر ناکرێت کە بە زۆری قەوارەیەکی زۆر لە هارد و رامی کۆمپیوتەر داگیر دەکەن. سایتی HTTP://EDITOR.PHO.TO/ یەکێك لەو سایتانە کە دەکرێت وێنەکانی ئێوە دەسـتکاری بکات و بیانکات بە وێنەی جوڵەدار و دەیان ئیفێکتی جۆراوجۆر بە وێنە ببەخشـێت وەك وێنەی گاڵتەجاڕی، وێنەی سروشـت و وێنەی رۆمانسـی...تاد. ئەو وێنانەی کە دەسـتکاری دەکردن بە چەندین فۆرمات دەتوانی خەزنیان بکەی. هەروەها چەندین لۆگۆی تایبەتی تێدایە کە دەکرێت لۆگۆشی پێ چێ بکرێت. بۆ تاقیکاریش بێت سەرێك لەم سایتە بدەن.